# با شیعرەکانی مامۆستا سالار (عەلی قوتبی) لەتیاچوون بپارێزین

مامۆستا سالار (عەلی قوتبی) خەڵکی شارەدێی بێسارانی ناوچەی مەریوان بوو. ناوبراو یەکێک بوو لە هۆزانوانە خەیاڵناسک و خامەڕەنگینە یەکسانیخوازەکانی ئەوسای کوردستان. بەداخەوە تا ئەمڕۆ هیچ دیوانێکی ئەم ئازیزە نەکەوتۆتە دەس خوێنەران، ئەمەش بەر لە هەر شتێ دەگەڕێتەوە بۆنەبوونی ئازادی بەیان لە وڵاتی ئێمە. مامۆستا سالار نموونەی مرۆڤێکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بوو. ئەو، هەر لە سەرەتای لاوێتیدا دەچێتە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و دەبێتە ئەندامی (حیزبی شۆڕش). مامۆستا، پاشان خۆی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبینێتەوە و یەکێک بوو لە کادرەکانی ئەو حیزبە. لە دەیەکانی شەست و حەفتادا کاتێک کە کۆمەڵێک جیابوونەوە و قەیران حیزبی دێموکراتی گرتبووە، مامۆستا سالار لەگەڵ ئەو باڵە لە حیزبی دێموکرات کاری دەکرد کە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و مامۆستا یەکێک لە دامەزرێنەرانی بوو. ناوبراو هەروەها ئەندامی دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی ئەو حیزبە بەناوی (ئامۆژگاری) بوو.

مامۆستا سالار کە لە ساڵانی ١٩٧٠ دا لە ناوچەی پشدەری باشووری کوردستان دەژیا و لە کەنار چالاکی ڕامیاری خۆیدا قەت لە کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری خافڵ نەبوو، بەبۆنەی تایبەتمەندییە ئینسانییە بەرزەکانییەوە خۆشەویسترین خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی پشدەر بوو. ئەو بوو کە بۆ نموونە، بێ ئەوەی فلسێک لە کەسێک وەربگرێت، هەموو خەڵکی گوندە گەورەکەی قادراوای ناوچەی پشدەری فێری خوێندن و نووسین کرد. مامۆستا سالار و هاوڕێکانی لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیدا پێشمەرگەی ڕاستەقینەی ڕزگاری کوردستان بوون لە ستەمی نەتەوایەتی. ئەوان فەرماندەیی زۆریک لە شەڕەکانی باشووری کوردستانیان کرد بۆ نموونە شەڕەکانی هێندرێن و کێوەڕەش و سەنگەسەر، بە چەک و فیشەکی خۆیان و بێ وەرگرتنی تەنانەت بچووکترین یارمەتی پێشمەرگانەش.

یەکێک لە هۆنراوەکانی مامۆستا سالار لە شەڕە بەناوبانگەکانی سەنگەسەر دەدوێت. لەو شەڕانەی کە تیایاندا سوپای داگیرکەری عێراق لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دا دوو جار شارۆچکە خنجیلانەکەی سەنگەسەری سوتاند. مامۆستا سالار، مامۆستایان سەید ڕەشیدی حوسێینی و عەوڵای مەلا عوسمانی ناسراو بە مامۆستا قەندیل لە ئەندامانی سەرکردایەتی (کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی) و لە قارەمانانی شەڕەکانی سەنگەسەر بوون. بەهاری ١٩٧٥ لەگەڵ شکانی شۆڕشی باشووری کوردستان، مامۆستا سالار و ٥٤ هاوڕێی حیزبی تری بە دەسیسەی نۆکەرانی بەعس کەلە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق کاریان دەکرد، لەلایەن ئەو حکوومەتەوە تەحویلی حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی ئێران درانەوە.

کاک سالار و هاوڕێکانی تا سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، لە ئێران زیندانی بوون. ئەمجارەیان کاک سالار و هاوڕێکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشئاهەنگی شۆڕشی دژی حکوومەتی پاشایەتی بوون، کە لە ١٩٧٩ دا ئەو ڕژیمەی نایە زبڵدانی مێژووەوە. مامۆستا سالار و هاوڕێکانی بە ئازادبوونیان لە زیندان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، حیزبێکی چەپیان پێک هێنا بەناوی (کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێران). مامۆستا سالار یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە و ئەندامی سەرکردایەتی بوو تا کاتی شەهید بوونی. مامۆستا سالار و هاوڕێکانی، لە دامەزرێنەران و پێشڕەوانی بزووتنەوەی دێنشینان و یەکیەتی جوتیارانی کوردستان بوون، کە بە دوای ڕوخانی دەمودەزگای پاشایەتی هاتبووە کایەوە.

مامۆستا سالار مێژووی شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە هۆنراوەیەکی ٦ دەفتەریدا نووسیوەتەوە. بەداخەوە نووسینی ئەم شیعرە بە شەهیدبوونی مامۆستای خۆشەویست ناتەواو مایەوە. لە مامۆستا سالار چەند شیعرێکی تریش ماونەتەوە بەناوەکانی «کۆمەڵەشاخێک»، «خۆزگەم بەخۆت خەیاڵەکەم» و «دەڵێن پێشکەوتوانی دەر خەریکی مانگ و ئەستێرەن». هەموو ئەو شیعرانەی مامۆستا سالار کە تا ئەمڕۆ ماونەتەوە شیعرگەلێکن کە لەسەر کاغەز نەماون و دەبێ بنووسرێنەوە. هیوادارم بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی مامۆستا کە لێرەدا ئاماژەیان پێکرا، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە بیرگەی نووسەری ئەم چەند دێڕەوە بگوێزرێنەوە سەر کاغەز و بڵاوکرێنەوە.
مامۆستا سالارلە ڕۆژی ١٣٥٩/٨/١٩ (١٩٨٠/١١/١٠) لە نزیک ئاوایی بێسارانی مەریوان بەدەستی چەکدارەکانی داروودەستەیەکی ناسراو بە سوپای ڕزگاری شەهید کرا.

خوێنەری هێژا! من بەنیازم هەموو ئەو شیعرانەی مامۆستا سالار کە لەبەرنم بنووسمەوە و چاپ و بڵاویان بکەمەوە. مافی کۆپیرایتی ئەو شیعرانە بۆ قەندیلی تاقانەی مامۆستا سالارە، کە وابزانم کاتی گیانبەختکردنی باوکی کچێکی ٣ ساڵانە بوو و دەڵێن ئێستا لە تاران دەژیت. لێرەدا داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە شیعر و نوسراوەی مامۆستا سالاریان لا دەسدەکەوێت، بە ئیمەیل بۆمانی بنێرن، تا لە تیاچوون بیانپارێزین و بڵاویان بکەینەوە. هەروەها زۆر سوپاسی ئەو ئازیزانەش دەکەم کە بە گەیاندنی ئەم دەقە و ئیمەیلەکەی من، پەیوەندی من و خانەوادەی مامۆستا سالار گرێدەدەنەوە. ئێستاش ئێوە و شیعری سەنگەسەر.

**سۆران (حەسەن) زەکی**
**٢٠٠٤/١/٨**
soran.zaki@webinfo.fi

# سەنگەسەر
***************

سەنگەسەر مەکۆی سەربەستان
هێلانەی دڵ پاک و هەستان

کۆش و ئامێز پڕ لە یاران
سڵ لە بێگانە و نەیاران

ڕێبازی گەرمێن و کویستان
دڵگیر دیمەن باغ و بێستان

پەسەندی نێو شاخ و هەردان
سەیرانگای خێڵی سەر گەردان

لە هەر لاوە دانیشتوان
لێت هاڵاون پیر و جوان

دەتپەرستن بە دڵ و گیان
وەک تۆ بی سەرچاوەی ژیان

نیگاری دەستی گەردوونی
بەهەشتی مان و هەر بوونی

((سیروان)) و ((ئاسۆس))ت پەرژین
((دەربەند))ت دەم بە پێکەنین

تەنیشتت ((گوڵفەتی)) کێوە
هەوارگەی بەرز و بەنێوە

پاڵشتت ئێڵاخە شاخە
قەندیلی بەرزە دەماخە

دەور و بەرت ڕاخراوە
دەریا و بەڕ و عەرز و ئاوە

ئاوی ((زێ)) و((شەروێت)) و ((قەندیل))
جۆگەلەی ((سیفۆنی)) خنجیل

پاوان ملوێنک و خڕخاڵن
پەراوێزی خەت و خاڵن

ئەستێرەکان کە شەو دا دێ
تێکڕا وەکو جەحێڵی دێ

بەچاو پڕکێ سەر دادێڵن
دڵی دڵداران دەکێڵن

دەڵێی وانیش تۆ پەرستن
دڵی خۆ بە تۆ دەبەستن

چاویان پڕیوە دیمەنت
بازاڕ و چەمر و چیمەنت

سەنگەسەرماوەی چەن ساڵ بوو
لە دەورەی تۆ گرم و گاڵ بوو

دوربێ نازت لێ شێوابوو
جادەکان قوریان پێوابوو

چەن جار هێرشت هاتە سەر
بوویتە مۆڵگەی جاش و عەسکەر

تێت ڕۆ هاتن ڕێوی و چەقەڵ
قوربانت بوون چەن شێر و کەڵ

کەوتیە بەر بڵێسەی ئاگر
ئاگری دەشت و کێو داگر

ئاگری تۆپ و تەیارە
ڕیزی ڕەشاش و غەددارە

تۆش وەک دایکان ڕۆڵەکانت
خانووە تازە چۆڵەکانت

لە ناو باوەشی هێمنت
سوتان وەک هیوای دوشمنت

یاسای سروشتی گۆڕا بوون
زۆر بیرو باوەڕ دۆڕا بوون

تەڵقەتەنوور تۆپی غوبار
دەی گۆڕی شەو و ڕۆژ چەن جار

باڵداری فڕۆکە بە شەو
دەیان تاراند میوانی خەو

لە باشوور دەهاتن لە دوور
هەڵیان دەدا تەڵقەتەنوور

پێت وابوو ڕۆژ گەڕایەوە
حەشرە و دنیا ڕایەوە

دەتگوت چەن ئازا و بەجەرگە
کەوی ڕەشاشی پێشمەرگە

بە تۆپ لە قاسپە ناکەوێ
هەتا بەیانی ناخەوێ

وا شڵەژا بوو ئەو نێوە
دەتگوت کێو دێیە دێ کێوە

لە هەر دەشت و دۆڵ و یاڵێ
هەڵپڕابوون چەن منداڵی

دەبوون بە هاوپەڕەی خێڵێ
کێ بووساوای کێ جێ بێڵێ

خزم و بێگانە و نەناسی
هەموو یەکتریان دەناسی

هەمیشە کۆچ و کۆچ بار بوو
هات و چۆ و هەرا و هاوار بوو

خەڵکی ئاوارەی دەشت و دەر
منداڵیان نێو دەنا کۆچەر

دۆڵ و ئەشکەوتان ئاوا بوون
بەرغەل منداڵی ساوا بوون

فرمێسکی گەش لە چاوا بوون
ئاواتیان بوو ڕۆژ ئاوا بوون

گەڕان نەبوو شەو نەبایە
هەرکەس ڕوی دەکردە لایە

هەڵوەدا بوون بەرز و نەوی
تێکەڵاو بوون کێوی و کەوی

بەهاری بوو شێوەی زستان
هەردی پڕ بوو لە چا و مەستان

کۆترێ لانکیان لە کۆڵا
دەکشان بە سەر سەهۆڵا

بەرەو هەواری بیابان
سەر گەردان بێ نوێن و نان

دەتدی لە ناو بەفر و ئاوا
نەمامی کچ گوڵی ساوا

سەنگەسەر بەم گشت گۆڕانە
بەم هەموو خول و سووڕانە

لە جێی خۆت و ناحەزت چوون
ئەی بەهەشتی مان وهەربوون

دێوجامەی دیمەنی جوانت
شێوەی هەردی کوردستانت

کردی بە دوژمن ئەو هەڵە
توشی کرد بەم داو و تەڵە

هەر تەمێ نەبوو نەیدا تک
تا دوا هەناسەی لە(( گرتک))

ئەتۆش هەر مای و وەک جاران
کۆش و ئامێز پڕ لە یاران